.

# که سیمای شادی هێند جوانه

## بۆ ئاشنایەتی خەم دەکەم



چنار نامق

ئا لێرەدا گشت شتەکان جاڕی مەرگی ژیان دەدەن لە سەردەمێکدا جاڕنامەکانی مافی مرۆڤ بانگەشەی مرۆڤایەتی دەکەن، وەلێ شتێك کە بایەخی پێنەدرێت تەنیا مرۆڤ و مرۆڤبوونە، بە شەقامێکدا دەگوزەرێم، ئەو مرۆڤانە دەبینم شەقامەکان خاوێن دەکەنەوە لەسەر شۆستەی هەمان شەقام و لە قەراغ دیوارێکدا، ئەو شۆستەیەی قەدەر خاوێنکردنەوەی بەوی مندالّ سپارد،لەتە نانێکی بە دەستەوەیە لەگەڵ سوراحییەکی ئاو لەوێندەرێ دەیخوات، ئاخر بۆ نەبم بە کێڵگەی خەم و بۆ ئازار ناخم نەتەنێ، کە بە تیلەی چاو لەوان دەڕوانم نیگاکانم زۆر بە شەرمنی بەوێدا تێدەپەڕن و لەژێر ئەو چاویلکەیەوە کە دیسان قەدەر بڕیاری داوە گلێنەکانم داپۆشێت و بە ڕشتنی ئەشکەوە سوور هەڵگەڕێت ناچارم بە هاوکارەکانم بڵێم چاوم حەساسییەتی، ئەمە لە ڕۆژگارێکدا ئەستەمە کەسێك لە ناخ و دەروونت بگات و ئەستەمە بتوانیت بڵێی هاوڕێ ناخم ناتەبایە لەگەڵ سروشت، دەروونم داهێزراوە بە دەست یاسا چەوتەکانەوە،پشووم تەنگە بە خەمەکانی بوونەوە، ئەمە لە کاتێکدا ئەستەمە پاش تەی کردنی کیشوەرەکانی دەنگ و بێدەنگ بوون یاسایەك بدۆزیتەوە بۆ ڕێکخستنەوە و یەکخستنەوەی ژیان، ئاخر چۆن شەرم نەمگرێت بە ماشینەکەمەوە بەسەر شەقامەکاندا تێپەڕم و ئەوانی دیکە پیادەبن و خۆری گەرمی هاوین و نیوەڕۆ بێ بەزەییەکان جەستەیان دەسووتێنێ.

ئێمە کە لە ئاستی پەیڤی یەکسانی و دادوەری کۆمەڵایەتی گوێیەکانمان بە پەموو ئاخاندووە هەموو دەم تەلارەکانمان بەرز دەکەینەوە و لەگەڵ مۆدێلدا سەیارەکانمان دەگۆڕین خۆ ناوماڵ ئەوە هەر لێی گەڕێ ئەمانە و هیچ کات تێر بونمان نییە و ژیانی کەسەرباری خەڵکی بە خەونیش

وێنا ناکەین و لە بێ بەزەیی خۆماندا نەك هەر ئاوڕییان لێ نادەینەوە، بەڵکو زۆر جار بە چارەنووس و ئازارەکانیشیان پێدەکەنین، هەڵبەتە جیاوازی نێوان بونەوەرەکان واتە مرۆڤ و حەیوان، مرۆڤ و نامرۆڤ تەنیا لە تێفکرین و بیروبڕوا و ویژدانەوە بەدیار دەکەوێت هەر ئەوەشە لێکترمان جیا دەکاتەوە.

خۆ ئەگەر بتەوێ دیاردەیەکی زەقی کۆمەڵایەتی وابەستە بە چارەنووسی خەڵکەوە بخەیتە ڕوو، یا بیورووژێنی ، دەبێت پێشان بیر لە ڕاگرتنی دڵی فلان و فیسار بکەیتەوە نەبا لێت زیز بن و بۆ هەتایە ئاشت نەبنەوە، یا بتەوێ داکۆکی لە هاوکارێکت بکەی ئەوە دەبیتە دوژمنی لایەنەکەی تر، بۆ ئەوەی گرەوەکە نەدۆڕێنی و هاوسەنگییەك هەبێت لە نێوان  هاوکێشەکاندا تۆ بەوە مەحکوومیت دووڕوو و بێ بەزەیی و بێ ویژدان بیت، ناکرێت ڕووی نەرینی کێشەکان بورووژێنی لەم زەمەنەدا کەسێکت لێ ڕاست دەبێتەوە و لە بڵندگۆی تەلەفۆنەکەتەوە پێت دەڵێت بەڕێز من کەسی پەیوەنددارم تۆ تەنیا دیوی نەرێنی مەسەلەکەت وروژاندووە پێویستە لایەنە ئەرێنییەکانیش بخەیتە ڕوو.

سەیرە مرۆڤ لە پێناوی سەرکەوتنی خۆی سازش بەسەر خەڵکی ستەم لێکراوەوە بکات و داکۆکی لە خۆی بکات منیش بە دەنگێکی خەمبارەوە پێی دەڵێم ئاخر وروژاندنی مەسەلە مرۆڤایەتییەکان لە پێناو چاکسازی کردنی کۆمەڵگە و چارەسەرکردنی کێشەکانە، دەزانم شتی باش هەیە وەلێ دەمانەوێت دیاردە خراپەکان بنبڕ بکرێت بۆیە تیشکی دەخەینە سەر ئیدی لێت نیگەران دەبێ و مەحاڵیشە ئاشت بێتەوە.

پێم وایە گەردوون زۆرگەورەیە و ژیانیش فراوانترە و جێی هەمووومانی تێدا دەبێتەوە، بەڵام هەمیشە هەندێك پێیان وایە ژیان کۆڵانێکی تەنگەبەرە ئەگەر هەموو پێکەوە لە یەك کاتدا پێیدا تێپەڕین و یەکسان بین ئەوە شانمان لە شانی یەکتر دەدا و جێگەمان نابێتەوە، من دەڵێم جیهان زۆر فراوانە و شەقام و شار و گوندەکان جێگای گشتمانی تێدا دەبێتەوە دەبا پێکەوە دانیشین چی پێویست دەکا هەندێك بە پێوە بوەستن و هەندێکیشمان ئەوەندە دانیشین سڕ بین. خەمە گەورەکە لەوەدایە منێکی بێدەسەڵات یاسایەك شك نابەم بۆ ڕێکخستنەوەی ژیان، بۆیە هەردەم بە شەرم و خەم و نیگەرانی و پرسیارەوە لە ڕووی زەردەهەڵگەڕاوی مرۆڤە بێ نەواکان دەڕوانم و هیچ وەڵامێك و هیچ پەیامێکم بۆ ئەوان پێ نییە جگە لە پرسیار،

پرسێك دەشێت لە ئەزەلەوە بێ وەلاّم بێت.

بۆ ئاسمان شەو پرچی ڕەشە و بە ڕۆژ سپی دەکاتەوە؟

خەم کە دەگری بۆ چاوانی سوور دەبێتەوە؟

شادی بە چی پێدەکەنێ؟

دیسانەوە کە دەپرسم بۆ؟ کەسێك بە هێمنی پێم دەڵێ: سرووشتی ژیان وەهایە دەبێت چینێك وەستا بێ و چینێك کرێکار چینێك زەنگین بێت  و چینێك هەژار!

دیسانەوە دەپرسم بۆ؟ کەسێك بە خەندە و تەوسەوە پێم دەڵێت: ژیان شاییەکەی (بناویلە) نییە. ناکرێت هەموو هەڵپەڕین و کەس نەبێت گۆرانی بڵێت، یا هەموو پێکەوە گۆرانی بڵێین و کەسێك نەبێت هەڵپەڕێت. منیش دەڵێم: دەزانم ناکرێت و ناکرێت وەلێ دەکرێت نەزمێکمان هەبێت و کار بکەین بۆ لێکنزیك کردنەوەی جیاوازییەکان، ئەگەر یاسای ژیان ڕاستە بۆچی دەمێ تێی دەڕوانم شەرم لە خۆم دەکەم، کە سیمای شادی هێندە جوانە بۆ ئاشنایەتی خەم دەکەم.